# خاتەمی لە ئێران و دۆگما لە ئەوروپا

**ڕزگار عومەر**
rezgar@dengekan.com

بەیانی کە دەکاتە 31 ئۆکتۆبەری 2006 . محەمەد خاتەمی سەرۆکی پێشووی کۆماری ئیسلامی ئێران ، لە زانکۆی
St Andrews لە سکوتلاند وەکو ڕێزلێنان بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا پێ دەبەخشرێ . بیانووەکانی زانکۆی ناوبراو بۆ بەخشینی ئەو بڕوانامەیە ئەوەیە " خاتەمی ڕۆڵی هەبووە لە دایلۆگی نێوان شارستان و دین و ئیمانە جیاوازەکانی دونیا " ئەمە دووەم جارە نێوەندە زانستی و کولتوریەکانی ئەوروپا خەیاڵ پڵاوانە موجامەلەی کەسایەتی سیاسی لە نێو پێکهاتەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەکەن ، جاری پێشوو خەڵاتی نۆبڵ یان بەخشیە شیرین عەبادی ، ئەمجارەشیان هەر ئەم ناوەندانە وەکو سەنعەتی مردوو شۆڕەکانی ڕۆژ هەڵات دەیانەوێ بە پرژێنی گوڵاو بۆنی تەرم خۆش بکەن .





ڕۆڵی مێژویی پۆستەکانی خاتەمی پێش بوونی بە سەرۆک دوای ئەوەی بوو بە سەرۆک جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە . ئەو پرۆفیشناڵانە پۆستی گرنگی لە ئەستۆ گرتووە کە خزمەتی ڕاستەوخۆی مانەوەی ڕژێمی ئیسلامی کردووە .لە ئەڵمانیای سەردەمی هتلەر یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی فاشیزم و بەسەرکەوتن گەیاندنی لە دەسەلاتدا شمولی کردنەوەی وردو درشتی ڕۆشنبیری و بیروڕای گشتی بوو بە ئایدەلۆژی فاشیزم ، ئەو کاتە پروپاگەندەی دەوڵەت لە سیاسەت و لە کۆنترۆڵ وردوو درشتی ژیان ی کۆمەڵایەتی هاوشانی هەموو قودرەتەکانی تری دەسەلات بوو لە چەشنی میلیتاریزم و ئابووری . لە سەر هەمان ئەو ئەزموونەی ئەڵمانیای ئەو سەردەمە ، خاتەمی بۆ تێرمی درێژ خایەن پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئیسلامی بە دەست بووە و بەشەخسی سەرۆکی دەزگای سانسۆر کردنی هەموو بەرهەمێکی فیکری ، ئەدەبی ، هونەری بووە لە ئێران ، ساڵانێکی دوورودرێژ لە شەڕی عێراق-ئێران پۆستی پروپاگەندەی سەربازی لە ئەستۆ بووە .
ئەم کورتە مێژووە ڕەنگە هێشتا لە لای ئەم ناوەندانەی ئەوروپا وێنەی شیرینی خاتەمی کاڵ نەکاتەوە ، ڕاستیەکەی ئەوەیە خوێندنەوەی ئەم نێوەندانە کەمی زانیاری نیە لە بارەی ڕابردووی خاتەمی بەقەدەر ئەوەی دۆزینەوەی نەفەسێکە لە شکست لە بەرامبەر حکومەتی ئێران .شکستێک کە ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆشباوەڕی و ئۆمێدانەی دونیای ئەوروپا و ڕۆژئاوا کە لە سەردەمی پەیدابوونی ڕەفسەنجانی خۆیان پێ شۆڕ کردەوە . گرەو یان خوێندنەوەی ئەم نێوەندانە دەیکەن بریتی یە لە شەخسیەت دان بە باڵێک لە نێو هەمان پێکهاتەی سیستەم ، چونکە

پێیان وایە بە سەپۆرت کردنی ئەو باڵە دەتوانن زەمانەت و سنووری هەر گۆڕانکاریەک بکەن لە ئایندەی ڕژێم و لە ئایندەی ئێران ، بەڵام ئەم حیکمەتە نەخۆشە بە عەمەلی لە خزمەتی درێژ کردنەوەو بە هێز کردنەوەی سیستەمەکە بووە ، بە شێوەیەک دەبینین چ سەرگەردانیەک لە بەرامبەر هەبوونی چەکی ئەتۆمی لە ئەمڕۆی ئێران دونیای لە بەرامبەر ڕێگاچارەیەک ئەبڵەق کردووە .

خاتەمی شایەنی هیچ ڕێزلێنانێک نیە . بەڵکو پێویستە بدرێتە دادگا ، نەک لە بەر ئەوەی کاتی خۆی ئەو پوستانەی هەبووە کە لە سەرەوە باسمان کرد ، بەڵکو لە بەر ئەوەی لەو ماوەیەی ئەو سەرۆک کۆمار بووە کە ساڵانی1997-2005 دەگرێتەوە هیچی کەمتر نەبووە لە کوشتن و بڕین و تاریکی سەرۆکەکانیتر کە بە باڵی ناوەڕاست یان موحافەزەکار ناسراون ، لە سەردەمی خاتەمیدا ئامارەکان پێچەوانەی ئەو ڕیکلامە شیرینەیە کە نێوەندەکانی ئەوروپا پارچەی ستراتیژە شکست خواردووەکانی پێ گرێ دەدەنەوە ، لە ژێر حوکمی خاتەمیدا :-زیاد لە 1300 کەس لە سێدارە دراوە .لە سێدارە دان پەیوەندی بە تەمەنەوە نەبووە ، نمونەی عاتیفە ڕەجەبی کە تەمەنی 16 ساڵان بووە . 27 کەس بە بەرد باران کردن ئیعدام کران کە 18 ئافرەت بوون .ئەم ئامارانە تەنیا مشتێ لە خەرمانی ئەزموونی خاتەمیە کە بەشی ئەوە دەکا نەک تەنیا  بڕیاری ئەم زانکۆیە ڕیسوا بکاو داوای دادگایی کردنی خاتەمی بکا ، بەڵکو بەشی ئەوە دەکا دەرگا لەسەر ئەم ستراتیژە ساویلکەیەی ئەوروپا بە یەکجاری دابخا .

* * *

بۆ خوێندنەوەی ڕوون کردنەوەی زانکۆی ناوبراو سەیری ئەم لینکە بکا

http://www.yourunion.net/news/index.php?page=article&news_id=2205

.

بۆ ئیمزا کردنی نارەزایەتی دژ بەم بڕیارەی زانکۆ سەردانی ئەم لینکە بکە:

http://www.petitiononline.com/011106/petition.html